# دەربارەی بیرۆکەی دروستکردنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان

**حەمە رەشید قەرەداغی**



وەك نەریتێك کەزۆربەی جولانەوەی رزگاریخوازی میللەتان پەیرەوی دەکەن، کاتێ لەژێر دەستەیی رزگاریان دەبێ ئەو هێزە چەکدارەی کەهەیانە پاش رزگاربوون بەناوو زاراوەی جیاجیا جەنگاوەرە دێرینەکانیان کۆمەڵە دروست دەکەن.

لەئیڕاق پاش رووخانی رژێمی پاشایەتی لەسەر دەستی کۆمەڵێ لەئەفسەران بەوانەی کەلەسوپاشدا بوون کۆمەڵەی ئەفسەرە سەربەخۆکان (ضباط الاحرار)یان دامەزراند.

لەکوردستانی خۆشماندا ئەوانەی چەکی رووبەڕوو بوونەوەی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانیان هەڵگرت‌و ئەو خەباتەیان گەیاندە دوا قۆناغ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، کە هەر لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلول‌و پاشان شۆڕشی نوێی گەلەکەمان‌و پێشتریش شۆڕشەکانی شێخ مەحمود..هتد، لەخەباتدا بوون.

لەپاش راپەرینە مەزنەکەی گەلەکەمان هێزی پێشمەرگە کەوتە قۆناغێکی تری خەبات کەپارێزگاریکردن بوو لەکوردستان‌و دەستکەوتەکانی راپەرین، هەرچەندە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە شیوێندرا بەهۆی تێکەڵ بوونی بەهەندێ چەکدارو خەڵکی چاوچنۆك‌و بەرژەوەندی پەرست کەبووە هۆی سەرزەنشت کردن‌و گلەیی‌و نارەزایی ئەملاو ئەولا.. بەهەرحاڵ.

بیرۆکەی دروستکردنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان لەلای پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی کوردستان، لەسەرەتای ساڵی 1994دروست بوو، دوای ئەوەی لەلایەن چەند کادیرو پێشمەرگەیەکی دێرین، چەندین کۆڕو کۆبونەوە گیراو کۆمیتەیەکی کاتی بۆ ئەم مەبەستە پێك هێنرا، ئەم کۆمیتە کاتییە ماوەیەك مایەوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی بارودۆخی شەڕی ناوخۆ نەتوانرا بەردەوامی پێ بدرێت، نیمچە وەستانێکی بەخۆوە بینی. پاشان هەمان دەستەو کادران سەرلەنوێ دەستیان کردەوە بە دروست کردنی کۆمەڵەکەو لەساڵی 1997 لەسەرجەم پارێزگاو ناوچەکان کاری بۆ کراو کۆنفرانسی بۆ گیراو دەستەی ئامادەکار دیاری کرا، کۆمیتەی پارێزگاکان لە(سلێمانی، کەرکوك، گەرمیان، راپەرین،هەولێر، دهۆك) دروست کران‌و پەیوەندی بەهاورێیانی دەرەوەی وڵاتیش کرا.

لەساڵی 1998 بەشێوەیەکی فەرمی داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان- ئیدارەی سلێمانی کرا کە ئەوکات (کاك کۆسرەت سەرۆکی حکومەت بوو)بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی، ئەوە بوومۆڵەتی بۆ وەرگیرا بە بریاری ژمارە(10947/18)لە بەرواری 1998/4/30، ئیتر لەو کاتە دەست بەکار بوون بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵە کە پارێزگاریکردن بوو لەماف‌و داوا رەواکانی پێشمەرگە دێرینەکان.

لەبەرنامەو پەیرەوی‌ناوخۆی ئەو کۆمەڵەیە هاتووە(داوای دروستکردنی کۆمەڵەیەکی سەرتاسەری کوردستانی دەکەین )، هەر لەوماوەیەی کەکۆمەڵەی تێدا دروست بوو، لە لایەن پێشمەرگە دێرینەکانی (ی.ن.ك) کۆمیتەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان دامەزرابوو، بەڵام تەنها لەسنوری پارێزگاری سلێمانیدا بوو... دواتر لەلایەن چەند کادرێکی (ی.ن.ك) بیرۆکەی دروستکردنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان هاتە کایەوە، واتە کۆمەلەیەکی سەرتاسەری، یەکەمجار لەگەڵ کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی حزبی شیوعی کوردستان‌وپاشان حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان‌و حزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستان باسکرا، ئەوە بوو یەکەم دانیشتن بۆ ئەو مەبەستە لەبارەگای حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ئەنجام دار، کەبیرۆکەکە لەلایەن ئەو حزبانەوە پەسەند کرا، دانیشتنەکان بەردەوامی پێدراو دواتر لەبارەگای فەرماندەیی گشتی (هـ.پ.ك)، بەئامادەبوونی نوێنەری هەرچوار حزب چەندین دانیشتن‌و کۆبونەوە کراو بیرورا ئاڵوگۆڕکرا، لەئەنجامدا پرۆژەی بەرنامەی پەیرەوی ناخۆی کۆمەڵەکە ئامادەکرا، دوا بەدوای پەسەند کردنی پرۆژەکە، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە مۆڵەتی یاسایی بەبڕیاری ژمارە( 8818)، لەبەرواری (2004/6/26)بۆ وەرگیرا.

بەم جۆرە دوا کۆبونەوەی دەستەی دامەزرێنەران لە هۆڵی مەڵبەندی رێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) بەستراو مژدەی دروست بوونی (کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان) بەخەڵك‌و جەماوەری کوردستان راگەیەنراو دواتریش وورده وورده دەستکرا بەدروستکردنی لقەکان لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان.

**جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان‌و ئەندامی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حزبی شیوعی کوردستان**

# کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان‌و چەند سەرنجێك

**گۆران جەلال**

زیاتر لە ساڵێکە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، خۆی راگەیاندووە، لق‌و بارەگای لەچەندین شارو شارۆچکەی کوردستان کردۆتەوە، لەو ماوە کورتەدا بەشێکی زۆری پێشمەرگەی دێرینی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە.

سەرەتا جێگای دەستخۆشییە رێکخراوێکی لەو بابەتە دابمەزرێندرێ، هەروەها دەستخۆشی بۆهەموو ئەوانەش کە ئەو دەستپێشخەرییەیان کردووە. هەنگاوێکی درەنگ بەڵام گرنگ، چونکە ئێستاش زۆرینەی پێشمەرگەی دێرین (راستەقینە)، لەهەموو توێژەکانی تر، مافی خۆیان نەدراوەتێ‌و پێویستیان بەخزمەتگوزاری جۆراوجۆر هەیە، بەشێکی زۆری ئەو ئەرکەو دەستەبەری ئەو مافانە، دەکەوێتە ئەستۆی ئەو رێکخراوەو لەسەریەتی زۆر بەجدی کاریان بۆبکات.

پێشمەرگەو ژیانی سەختی پێشمەرگایەتی، مەگەر بەگێرانەوەو نووسین ئاسان بێ، ئەگەر نا وەکی دی هەر باس ناکرێ، بێگومان ئەو سەختییە، ئێستاش نەخشی لەکەسێتیی‌و هەڵس‌وکەوتی ئەوکەسانەدا رەنگی داوەتەوە کەتێیدا ژیاون، هەر هیچ نەبێ زۆرجار ئەو دەربرینە لەوگۆتەیە چردەکرێتەوە"ئێمە کردمان‌و ئێوە دەیخۆن" ئەو قسەیەش بەسەدان جار بەرامبەر ئەوانە دووبارە دەبێتەوە کەبەشداری خەباتی شاخیان نەکردووە. ئەو هەستەش چەند جارە دەبێتەوە، لەوکاتانەی پێشمەرگەیەکی ماندوو بەکۆمەڵێك خواست‌و موعاناتەوە دەبینێ کەسێکی ناشایستە پلەو پایەی بەرزی وەرگرتووە، خەبات‌و ماندو بونیی ئەویش بەهەند وەرنەگیراوە.

هەموومان ئەوە دەزانین مەرج نییە ئەوانەی‌پێشمەرگەی ئازاو دلێرو خۆبەخش بوون، بۆکێشەکەیان خەباتیان کردووە، بەهەمان پێوەر فەرمانبەری باشی دەوڵەت بن، هەروەك ئەو قسەیە بەو مانایەش نییە، کەئەو هەموو مرۆڤە مەزنانە شایستەی ئەوە نەبن وەك ئەو جۆرە کەسانە بژین‌و رێزی تایبەتیی لەرادەبەدەریان لێنەندرێ. چۆن لەخەباتی پێشمەرگایەتیی خوێندەواری‌و بروانامەی بەرز مەرجی پێشمەرگەی ئازاو دلێرو فەرماندەی سەرکەوتوو نەبوون، بەهەمان شێوەش مەرج نییە پێوەری پێشمەرگەی باش کارهەلسوری سەرکەوتووی دەوڵەت بێت. دەبێ بگوترێ، بەشی زۆری ئەو ریزبەندکردنە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت‌و دەسەڵاتی سیاسیی، بەڵام پرسیارێك لێرەدا خۆی قوت دەکاتەوە، ئەی ئەرکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان لەم هەلومەرجەدا چییە؟ کۆمەڵەیەکی لەم شێوەیەو لەم قۆناغەدا دەتوانێ چ رۆڵێکی ئیجابی بۆپێشمەرگەی دێرین بگێرێ؟ چۆن‌و بەچ ئالیەتێك ئەو بۆشاییە روحییە لای پێشمەرگە پردەکاتەوەو ئەو هەستەی لا دروست دەکات، کەرەنج بەخەسار نییەو هێندەی ماندوبوونەکەی مافی بەردەکەوێ؟. بەراستی لەوماوە کورتەی تەمەنی کۆمەڵە تاکو ئێستا، هەنگاوێکی لەوبابەتە نەندراوە، کەدەبوو ئەوکارانە ئەولەویاتی کارەکانی کۆمەڵە بێت.

رەنگە رێکخراوێکی تەمەن یەك ساڵ، دەرەقەتی ئەو هەموو ئەرکە قورسە نەیەت، بەڵام بەلایەنی کەم دەتوانێ خوولی بەردەوام بۆ بەمەدەنی کردنی پێشمەرگەو چۆنیەتی دنیابینی لەواقیعی سیاسیدا بۆ ئەندامەکانی بکاتەوەو چەند بنکەیەکی کات بەسەر بردن‌و لەناویدا هۆکاری جۆراوجۆری وەك"کتێبخانە، کۆمپیوتەر، ئەنتەرنێت..هتد"ی تێدابێت، بکاتەوە. تاکو ئەو شوێنە سەرباری ئەوەی شوێنێکی کات بەسەر بردن بێت، شوێنی یەکتر بینین‌و ناسینی پێشمەرگەش بێت. لەهەموو شتێکیش گرنگتر، دەبێ کۆمەڵە مەسەلەی باشترکردنی ژیان‌و گوزەرانی پێشمەرگەی لەبەرچاو بێت‌و لەهەموو کەناڵەکانەوە کاریان بۆبکات. پرۆژەی وەبەرهێنانی هەبێت‌و لەو رێگایەوە قەرزو باروبوو بەئەندامەکانی بدات. هەروەك رێکخستنی گەشتی جۆراوجۆرو بۆشوێنی جیاواز، کاریگەری راستەوخۆی لەسەر باری دەروونی پێشمەرگە دەبێت. ناشبێ مەسەلەی نیشتەجێ بوونی پێشمەرگە لەبیر بکەین، چونکە بوونی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاوو باش، رەنگدانەوەی راستەوخۆی لەسەریان دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر پێشمەرگە شوێنی نیشتەجێ بوونی دەست نەکەوێت‌و ببینێ کەسانێکی ناشایستە، بەرزی کۆشك‌و تەلارەکانیان شەر لەگەڵ هەور دەکات. لەوبارەوەش کۆمەڵە دەتوانێ لەرێگای فشاری خۆیەوە بۆسەر حکومەت، پرۆژەی نیشتەجێ بوون بۆئەندامەکانی دروست بکات‌و ئەوجۆرە پرۆژانە بکاتە ئەمری واقیع. خۆئەگەر بشتوانێ کۆمەڵگای تایبەتی نیشتەجێ بوون بۆ پێشمەرگەی دێرین لەشارو شارۆچکەکان دروست بکات یا هەوڵی کارێکی لەوبابەتە بدات ئەوە کارێکی گەلێك گەورەو پڕ بایەخ ئەنجام دەدات.



گۆران جەلال

ئەو کارو ئەرکانە زۆرن، کەدەبێ کۆمەڵە بیکاتە پرۆژەی ستراتیژی خۆی، ناشبێ تەنها ئەرکی خۆی لەدروستکردنی ناسنامە قەتیس بکات‌و ببێتە دەزگایەکی مەکتەبی رووت، چونکە بەوجۆرە کارانە متمانەی کۆمەڵە لای پێشمەرگە نامێنێ.

تاکو ئێستا کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان هەنگاوی لەوبارەی نەناوە، بەهیوای دەست پێکردنی ئەوجۆرە کارانە، چونکە برینی رێگای هەزاران میل لەهەنگاوی یەکەمینەوە دەست پێدەکات.

# ئەوەی نوێ دەیەوێت پێشمەرگە ببێتەوە بەپێشمەرگە

**هەندرێن محەمەد**

وێنەی پێشمەرگە هەمان ئەو وێنەیە نییە، کەسەردەمانێك وەك پاڵەوان لە زاکیرەی ئێمەدا جێی دەگرت، چونکە (شار) بە تەواوی پێشمەرگەی خستە ژێر گومان و پرسیارەوە. بەو واتایەی گواستنەوەی جوگرافیای تێکۆشان لە شاخەوە بۆ شار، هاوکات گۆڕانی وێنەی پێشمەرگەش بووە، لەجەنگاوەرەوە کە دوژمنی بەعس بووە، بۆ چەکدارێك کە روبەڕوی هاوزمانەکەی خۆی دەبێتەوە.

ئێستا گرفتی ناشیرین بوونی وێنەی پێشمەرگە، قەیرانێکە نەك هەر بۆ پێشمەرگە خۆی، بەڵکو بۆ مێژووی ئێمەش قەیرانێکی ئەخلاقی دروستکردووە، چونکە ناکرێت کەسێك رابردووی ببەخشێتە خاك و نیشتمانێك، ئێستا رۆڵەکانی ئەو خاك و نیشتمانە بەجۆرێکی تر تەماشای ئەو کەسە بکەن. هەرچەندە من لەو بروایەدام هیچ کاتێك ناشێت پێشمەرگە هەم وەك ناو، هەمیش وەك بەها لەو چەکدارانەدا کورتبکرێتەوە، کەلەشەری ناوەخۆدا گوللەیان بەیەکترەوە دەنا، چونکە پێشمەرگە چەکدارێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو کەسێکی تەیارکراو بووە بە ئەخلاق و باوەڕو سیفەتە باڵاکانی تێکۆشان.

ئێستا گرفتەکە لەوەدانییە کە نەوەی نوێ نەزانێت رابردووی ئەو هێزە چۆن بووە، یا سەروەرییەکانی کامانەن، بەڵکو لەوە نیگەرانە ئەو هێزە لە قۆناغی شار، نەك هەر نەیتوانی پارێزگاری لە ناوەکەی خۆی بکات، بەڵکو سەرلەبەری بەهاکانی گۆڕاو ئەو ناوە تەسلیمی کۆمەڵێك چەکدار کرا کە لەبری ئەوەی سەربازی خاکێك بن، بوونە سەربازی حزبێك و لوولەی تفەنگەکانیان کردە کوردێکی تر، لەوەش ترسناکتر لەسەر ناوی پێشمەرگە ئەو شەپۆلی تێکەلکردنەیە کە لەدوای راپەرین لە رێگەی حزبەکانەوە کرا، تێکەلکردنێك کە بەپۆل جاش و مستەشارو بەعسیەکان لە رێگەی تەزکیەی حزبێکەوە هاتنە ناو پێشمەرگە و وێنەی پێشمەرگەیان ناشرینکرد، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە رابردووی ئەو کولتورە دادگایی بکرێت و وێنەکان لێك جیا بکرێنەوەو ئەو وێنە ناشیرینە خراپانەی دوێنێ بۆ کەسێتی پێشمەرگەو ئەوینەکەی بۆ نیشتمان دروست ئەکرا، بگەرێتەوە بۆ خاوەنە راستەقینەکەی خۆی کە تێکۆشەری راستەقینە خاوەنێتی. لێرەدا دەکرێت پرسیارێك بکرێت ئەویش بۆچی پێشمەرگە ئەو وێنانەی لەسەر کەسێتی بۆ دروست بووە، دەکرێ لە وەڵامدا بڵێین: چونکە ئەوەی چۆتە ناو ریزەکانی پێشمەرگە تەنها خۆی وبراوو خەونی ئازادی پەروەردەی کردووە نەوەکو دامەزراوەیەکی سەربازی ئەکادیمی ئەوەتا لەکوردستانا هیچ یەك لە پێشمەرگەکانی شاخ لە شاخدا هیچ دامەزراوەیەکی دەوڵەمەندی ئەکادیمی نەبووە کە پێشمەرگە وەکو سەربازێکی چالاك وپاك و دلسۆز پەروەردە بکات، بۆیە دەبینین هەموو شتێك تێکەلی پێشمەرگە بووە، هەموو کەسێك توانیویەتی ببێتە پێشمەرگە، هەموو کەسێك بەهەر ناوێك بێت لەناو پێشمەرگە بەناوی کوردایەتی و خەبات جێگای خۆی کردۆتەوە، بۆیە جاسوس زۆر بە ئاسانی خۆی خزاندۆتە ناو هێزی پێشمەرگەو پێوەری لێك جیا کردنەوە زۆر قورس بووە،ئەوە لەلایەك، لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی پێشمەرگە پەروەردەیەکی شۆڕشگێری هەبووە نەوەکو سەربازی ئەکادیمی بۆیە وەرگرتنی زانیاری وقسە فرێدان لە لای پێشمەرگە ئاسان دەست دووژمن کەوتووە هەر کاتێك مەبەستی بوبێت. ئەمەش گرفتی تێکەڵاو بونی جاش وپێشمەرگەو جاسوسمان بۆ روون ئەکاتەوە، بەلام حزب و دەسەڵاتی کوردیش زۆریان لە گەورەیی پێشمەرگە کەم کردەوە چونکە حزبەکان وەکو هێزی خۆیان پێشمەرگەیان بەکارهێناوە شەریان پێکردووە هەرەشەیان پێکردووە، پاسەوانی خۆیان پێکردووە، واتە پێشمەرگە لە سەربازی نیشتمان کرا بە پاسەوانی حزب، حزبیش پێویستی بە هێزی زیاترە بۆیە هەموو کەسی کردە چەکدار ئەمەش هەموویان تێکەڵ کرد واتە جاش وپێشمەرگەو جاسوس و مستەشارو...هتد، ئێستاش دەسەڵاتی کوردی وەکو پێویست لە دوێنێی پێشمەرگە ناروانێت، ژیانی پێشمەرگەو منالەکانیان زۆر پێویستی بە چاودێری ئابووری وخۆش گوزەرانی هەیە بەلام وەکو ئەوەی کە پێویستە بۆ تەواوی پێشمەرگەکان نەکراوە، پێویستە دەسەڵاتی کوردی پێشمەرگە لە رێگای رێکخستنێکی سەربازی مۆدێرن وئەکادیمی رێك بخاتەوەو ئەوەی کۆنیش بەوپەڕی سەربەرزیەوە خانەنشین بکات، ئەمە هەنگاوێکە بۆ ئەوەی ئەو گەندەلیەی ناو پێشمەگە چارەسەر بکرێت، ئەو ورێنەیەی ناحەزانی پێشمەرگەش تێك بشکێنن کە دەلێن پێشمەرگە میلیشیایە.

## ئێستاش دەسەڵاتی کوردی وەکو پێویست لە دوێنێی پێشمەرگە ناروانێت

# وەفایەك؛ بۆ پێشمەرگە

**مامۆستا کاوە داسنی**

بێ گومان ئەگەر کورد لەدنیادا پشت‌و پەناو هیوایەکی بەردەوامی هەبووبێ‌و لەزۆربەی قۆناغەکاندا مەترێزی بوون‌و مانەوەی کەرامەتی گەل‌و نیشتمانەکەی بووبێ هەرتەنهاو تەنها پێشمەرگە بووە. هەربۆیە ئەبینین پێشمەرگە لەلای گەلی ئێمە بۆتە رەمزی خەبات‌و تێکۆشان‌و بەرگری‌و پیرۆزی. چونکە ئەو فیداکارییەی پێشمەرگە کردوویەتی بەتایبەتی لەمێژووی شۆڕشی نوێدا تا راپەرین. زیادە گۆیی نیە ئەگەر بڵێین نموونەی نەك لەمێژووی رابردووی ئێمەدا بەڵکو لە مێژووی خەباتی گەلانیشدا کەمە. بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نووسەران‌و مێژوونوسانی ئێمە نەیان توانیوە داستان‌و نەبەردیی و سەروەریەکانی پێشمەرگە کەنموونەی شاکاری گەورەی فیداکارین بنوسنەوە. تاوەکو نەوەی نوێ ئاشنابێ بەوەی کەوا پێشمەرگە چی کردووەو هەڵگری چی پەیامێکی پیرۆزە بووە. بۆیە ئەبینین نەوەی نوێ نەیتوانیوە بزانێ کەوا پێشمەرگە کێیە. چونکە بەراستی ئەو وێنە شێوێنراوەی دوای راپەرین‌و ێنەی راستەقینەی پێشمەرگە نیە. بەڵکو پێشمەرگەی فعلی ئەوتێکۆشەرانەبوون لە سەخترین هەل‌و مەرجی خەباتی گەلەکەیاندا لە سەنگەری خەباتدا بەشداریان کرد تا راپەرین. دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کەوا دوای راپەرین ئەرکەکە تەواو بوبێ. نەخێر بەڵکو بەو مانایەیە کە لەو مێژووە بەدواوە خەلکانێکی تر بەوبەرگ‌و ناوە بەجۆرێك رەفتاریان کردووە. کەبەداخەوە ناوی پیرۆزی پێشمەرگەشیان شێواندووە، بۆیە پێویستە نوسەران‌و مێژوونوسانی ئێمە تازووەو تا قارەمانەکان‌و شایەدحاڵەکانی ئەو داستان‌و نەبەردانە لەژیاندا ماون‌و زیندوون لەسەرزاری خۆیان ئەو مێژووە پڕ لە شانازی‌و سەروەریانە بنوسنەوە. بۆ ئەوەی نەوەی نوێ هەم بزانێ کە ئەم دەست کەوتانەی کەوا ئەمرۆ بەدەست هاتوون بەشێکی زۆری بەری رەنج‌و هیمەت‌و قوربانی پێشمەرگەیەو قەدریان بزانێ، هەمیش ئیلهام لەخۆشەویستی پێشمەرگە وەربگرێ بۆ خزمەتی گەل‌و نیشتمان.